# سەرکی هەرەمی کوردستان لەگەڵ شاندکی سەناتی ئەمریکا کەبووەو



سەرکی هەرەمی کوردستان لەگەڵ شاندکی سەناتی ئەمریکا کەبووەو. بەپێی راگەیەندراوی سەرکایەتیی هەرەمی کوردستان، شاندکە بەردەوامیی پشتگیریی ئەمریکای بە عەراق و هەرەمی کوردستان دووپات کردووەتەو.

بەیانیی ئەمڕۆ شەممە 04-05-2024 نێچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرەمی کوردستان پێشوازیی لە شاندکی سەناتی ئەمریکی کرد، کە لە سیناتەر جێنی ئەرنتس و سیناتەر تێد باد و ژمارەیەك لە یاوەرانیان پێکهاتبوو.

سەرکایەتیی هەرەمی کوردستان لەبارەی کەبوونەوەکەو ئاماژەی بۆ کردووە، بڕەودان بە پەیوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ عەراق و هەرەمی کوردستان، کۆشەکانی هەولێر ـ بەغدا و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کۆشەکانی نێوانیان و دۆخی عەراق و هەرەمی کوردستان بەگشتی، تاوتوێ کران.

شاندەکە، وەکو لە راگەیەندراوەکەی سەرکایەتیی هەرەمی کوردستاندا هاتووە، بەردەوامیی پشتیگریی ئەمریکای بە عەراق و هەرەمی کوردستان دووپات کردەوە و ئاماژەیان بەوە دا، "ئەمریکا وەك هاوپەیمانێك بایەخ و گرنگی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرەمی کوردستان

دەدات." هەروەها ستایشی رۆڵی پێشمەرگەیان لە تێکشکاندنی داعش و پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی عێراقدا کردووە.

لای خۆیەوە نێچیرڤان بارزانی سوپاس و پێزانینی بۆ بەردەوامیی پشتگیریی سەنات و کۆنگرێسی ئەمریکای لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەربڕی و جەختی لە خواستی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ بەرەوپێشبردنی هاریکاریی هاوبەش و پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمریکا کردەوە.

چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هاوبەش، لە تاوتوێکانی دیکەی کۆبوونەوەکە بوون، کە بایەخی ئەمریکا لە عێراق و کۆنسوڵی گشتیی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان، ئامادەی بوون.